**دیمانەیەکی گرنگی دکتۆر عبدالستار تاهیر شەریف، پێش شەهیدبوونی.**

دیمانەیەکی گرنگی دکتۆر عبدالستار تاهیر شەریف، پێش شەهیدبوونی.

لەلایەن on May 04,2008

هەواڵی پەیوەندیدار



**د.عەبدولستار تاهیر شەریف: ئەو دزیەی ئێستە دەکرێت بەکەس ناشاردرێتەوە، مام جەلال هیچی بەدەست نیەو متمانەمان پێینەماوە..**

**لەماوەیەکی کورتداو دوای ئەو ڕاپۆرتەی ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ لەسەر هەرێمی کوردستان بڵاویکردەوە، زنجیرە یان ئۆردوویەک ڕاپۆرت و هەواڵ و باسی تر لەکوردستانەوە گەیشتە میدیاکانی جیهان و دواترینیان ڕاپۆرتەکەی پەیمانگای چاتهامی بەریتانی سەبارەت بە گەندەڵی هەرێمی کوردستان و ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست بوو دەربارەی ژیانی سەختی کرێکارە بیانیەکانی کوردستان و مامەڵەی خراپ لەگەڵیان، چەند ڕۆژێک لەمەوبەریش تۆڕی ڕاگەیاندنی "BBC" ی بەریتانی ڕاپۆرتێکی مەیدانی ڕۆژنامەنووس " کیت کلارك " ی بڵاوکردەوە کە تیایدا هەرێمی کوردستان بە دەوڵەتی مافیا ناودەبرێت.**

**بۆ بەدواداچوونی ئەو پرسانەو چەند بابەتێکی تری گرنی تایبەت بە دۆزی کوردو مەسەلە گرنگەکانی کوردستان لەناخۆو دەرەوە، جەماوەرنیوز وەک کارێکی ڕۆژنامەوانی دەست بە پەناڵێکی کراوە دەکات و بۆ ئەوەش بیروڕای سیاسەتمەدارو نووسەرو چاودێران بە جیاوازی دیدو تێڕوانینیان دەکات.**

**مەبەست لەم کارە بەدواداچوونی مەسەلەکان و لەسەر وەستان و هەڵوەستە کردنە لەئاستیانداو پێمانوایە ئەوەی لەناوخۆ قسەی لەسەر بکرێت و باس بکرێت هەرگیز نابێتە عەیب و لەدەرەوە بەرەو ڕووی کورد بووترێتەوە، ئەمەش مانای وا نیە کە ئێمە لەگەڵ هەموو ئەو ڕاياندا کۆک بین کە بڵاویاندەکەینەوە، نەخێر، ئێمە ئەو ئەرکە دەگەیەنین و مەسەلەی بڕوا پێکردنیش ئەوە مافی خوێنەرەو ئێمە هیچ پەیامێکمان نیە بۆی.**

**بۆ بەدواداچوونی بەشێک لە ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکەی BBC کە پێشتر لە جەماوەرنیوزەوە وەک خۆی بڵاوکرایەوە و چەند بابەتێکی تری هەنوکەیی بیروڕای " دکتۆر عەبدولستار تاهیر شەریف" ئەکادیمی و وەزیری پێشوو لە سەردەمی ئەحمەد حەسەن بەکرمان وەرگرت و ئەویش زۆر ڕوون و بێ ڕتووش وەڵام دەداتەوە:**

***گەندەڵی کوردستان دەگرێتەوە......***

**دکتۆر عەبدولستار تاهیر شەریف:** جێیْ داخە کە ئێمە لەئەنجامی ئەو شۆرشە خوێناوی و دورودرێژە لە ئەیلولی 1961وە تا ڕاپەڕین گەیشتینە ئەنجامێک کە چەند کەسانێک دەستبەسەر دەسەڵاتدا بگرن ، ئەوە پەرلەمان نییە ئێمە هەمانە بەڵکو پەرلەمانی دوو حزبەو دەتوانین بڵێین وەکو دوو لیژنەی مەرکەزی شتەکانیان بۆخۆیان دابەشکردووە.
گەندەڵیەکە وایلێهاتووە خەڵک پێی عەیبە باسی بکات دوایی ئەم دوو حزبە گەیشتنە ئەوەی جاران ئەگەر یەکێک سیخوربووایە، جاسوسبووایە لەبەغدا یان هەر شوێنێکی تر شۆرش هەوڵیەدا بیکوژێت بەڵام ئەوەی جێی سەرسورمانە بەمدواییە لەناو یەکێتیدا ئەوانەی مەلەفیان هەبوو موخابەرات بوون کەخۆم زۆریان دەناسم ئەوەی کە لەکوردستان سەرکردایەتی بوون، وەزیربوون و لەکوردستانەوە ڕاپۆرتیان بۆ موخابەرات و بۆ سەدام دەنووسی و مەعلوماتیان دەدایە ڕژێم بۆ خەڵک کوشتن لەکوردستان گەندەڵیەکەیان ئەوەندە زۆربووە پیاو ناتوانێت باسیان بکات.
بۆ نموونە لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ناڵێم کوڕی چاکیان تیانییە بەڵام تیاشیاندایە کە موخابەراتبوون پیاوی ساجیدەبوون بەڵام ئێستا وا فەرمانبەری ئێمەن و ئەوان ئەوامیر بەسەر ئێمەدا تەنفیز دەکەن.

***دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان هەردوو حزبی دەسەڵاتداری کوردستان یەکێتی و پارتی.....***

**دکتۆر عەبدولستار تاهیر شەریف:** دەربارەی دابەشکردنی سوڵتە هەردوو حزب لەنێوان خۆیاندا ڕێکەوتوون و هەتا لە هەڵبژاردنەکان ئێمە هەوڵماندا دائیری بێت، فەردی بێت، تۆ لیستێک تەقدیم دەکەیت و ئێمە دەچین دەنگەدەین نازانین بەکێ دەنگەدەین، لەئەنجامدا کۆمەڵێک ناوی عەنتیکە دەرەچێت ناوی موخابەرات و ئەمن و جاش و کوردستان بەرێوەدەبەن، بۆیە ئێمە گەیشتینە ئەو ئەنجامەی لە کەرکوکیشدا مەئیوس بووین و مادەی 140ئەوا دەچێتە محکەمەی دەستوری و قەزیەی کەرکوکیشمان خەریکە بڕوات.

***بڕیاری تاڵەبانی بۆ مانەوەی نێچیرڤان بارزانی لە پۆستی سەرۆکی حکومەتدا.......***

**دکتۆر عەبدولستار تاهیر شەریف:** من خۆم وەکو کەسێکی سەربەخۆ کە لەهیچ لایەنێکدا نیم وابزانم مام جەلال ناچاربووەو هیچ کەسێکی لە حزبەکەی خۆی نەدیوەتەوە بیکات بە سەرۆک وەزیران، ئێستاش قەناعەتم وایە لە یەکێتیدا کەم کەس دەبینم بتوانێت سەرۆک وەزیران بۆیە ئەو بڕیارەی داو ئەگەر مەسەلەی دیموکراتیەت نەبێت نێچیرڤان بمێنێتەوە گەلێک باشترە لە رەیس وزەراکەی ئێمە <u>**فەرموو ئەو ماوەیە عومەر فەتاح سەرۆک وەزیران بوو چی کرد بۆ کوردستان؟**</u>، نێچیرڤان سەرەڕای هەموو شتێک کەسێکە ئەم فەترەیە توانی دەورێکی باش بگێرێت بۆیە بەڕای منیش ئەو دوو ساڵەی پێبدرێت بۆئەوەی ئەو پرۆژانەی هەیەتی جێبەجێیبکات .

***مەسەلەی تەوافوق لە کوردستان و لەناو کۆنگرەی خودی حزبێکیشدا......***

**دکتۆر عەبدولستار تاهیر شەریف:**من جارێ شکم لەوە هەیە کە یەکێتی بتوانێت کۆنگرە ببەستێت چونکە ئەو کۆنگرە دەبەستێت کۆمەڵێک لەو کەسانەی تیایە کە خاوەن مەلەفن، موخەبەرراتن یا ئەمنن ، مەسەلەی تەوافوقیش زۆر دوورە لە دیموکراستەت تەوافوق بۆ دابەشکردنی سامانە لەنێوان خۆیانداو ڕێکدەکەون ئەوەندە

پرۆژە لەسلێمانی بۆ یەکێتی بێت و ئەوەندە پرۆژە لە هەولێر بۆ پارتی بێت، لەنێوان خۆیان ڕێکەوتوون و وڵاتەکەی ئێمە دابەشەکەن و بەئاشکرا دەیخۆن ئێمەش هیچ دەسەڵاتێکمان نییە.

## ***هەواڵەکردنی مادەی 140 بۆ بەردەم دادگای فیدراڵی عێراقی......***

**دکتۆر عەبدولستار تاهیر شەریف:** بەڕای من تەحویلکردنی ئەو مەسەلەیە بۆ محکەمەی دەستوری بۆئەوەیە وەک قەزیەی قودسی لێبکەن کە پەنجا ساڵە خەریکی قودسن، هەر لە سەرەتاوە مام جەلال خۆی قەزیەی کەرکوکی بە قودسی کوردستان شوبهاند ، بۆئەوەش یەکەم تاوانباتر بە مام جەلال سەرۆک کۆمار دەزانم چونکە لە گەڕانەوەی کەلارو کفری و چەمچەماڵ بۆسەر کەرکوک جەعفەری بە ئاشکرا لە تەلەفزیۆنی کوردستان ووتی ئەمە لەدەسەڵاتی ڕیئاسەیەو تا ئێستاش مام جەلال و ڕیئاسە هیچ شتێکیان نەکردووە ئەو قەزایانە بگەڕێنەوە بۆ سەر کەرکوک کە یەکێکە لە بەندەکانی مادەی 140.
هەندێک لە بەرپرسانی یەکێتی دەیانووت باشە ئەگەر کەلارو چەمچەماڵ و کفری بگەڕێتەوە سەر کەرکوک، سلێمانی چیی دەمێنێت؟، جا ئەوان جیاوازیان چییە لەگەڵ سەدام ،سەدام حسێن ئەو ناوچانەی لە کەرکوک کردەوە بۆ ئەوەی کەرکوک بچووکبکاتەوە، ئێستەش ئەیانەوێت نەگەڕێنەوە سەر کەرکوک بۆئەوەی سلێمانی بچووک نەبێتەوە.
سێ مانگ لەمەوپێش کۆنسوڵی ئەمریکی ناردی بەدوامداو چاوی پێمکەوت بۆئەوەی دەربارەی کەرکوک ڕئیم وەرگرێت دوای ئەوە ووتی "مام جەلال بۆچی کارتی سەوزی داوە بە مالکی مادەی 140 تەئجیلکات؟"، من ئەوەم نەبیستبوو، پێمووت "ئەوەم نەبیستووە بەڵام ئەگەر هاتوو مالکیش کارتی سەوزی بە مام جەلال دابێت کە کەلارو کفری و چەمچەماڵ بگەڕێتەوە بۆ سەر کەرکوک ئەوا قیناکات و جێی نیقاش نییە"، پێمووت" لێتە پرسم مام جەلال کە سەرۆک کۆمارە چی بەدەستە؟" ووتی"هیچ" ، منیش ووتم"مام جەلال دەربارەی مادەی 140یش هیچی بەدەست نییەو متمانەشمان پێینەماوە".

## ***پێشبینی بۆ ساڵی 2008.......***

**دکتۆر عەبدولستار تاهیر شەریف:** من بەهەموو شێوەیەک لە ژیانمدا ڕەشبین نەبووم، گەشبینم کە دوارۆژی کورد ڕۆشنە، بەتایبەتی ئەمڕۆ کە عێراق ئیحتیلال کراوە لەلایەن ئەمریکاوەو بەڕەئی من شیعە هیچ کاتێک نابێتە دۆستی ئەمەریکا، دوای ئەوەش کە سەدام لەسێدارەدرا ئێسقانی نێوان سونەی عەرەب و ئەمەریکا شکا و تەنها ئەمریکا شوێنپێیەکی مابێت کوردستان و کوردە، بۆیە باوەڕموایە ئێمە بەهەموو شێوەیەک دەبێت بەرژەوەندی هاوبەش لەگەڵ ئەمەریکا دروستبکەین و ئەمریکا لەخۆمان نەکەین، بتوانین لەڕێی ئەوانەوە دەستگیری دوارۆژی کوردستان بکەین و سەربەخۆیی خۆمان وەرگرین.

## ***لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێمی کوردستان.......***

**دکتۆر عەبدولستار تاهیر شەریف:** ژیانێکی باشتر لەکوردستان بەوە بەدیدێت کە ئێمە بگەڕێینەوە بۆ دیموکراتیەت، لە ئەنجومەنی پارێزگاکان هەڵبژاردنێکی دیموکراتی بکرێت و لە هەموو پارێزگایەک دەسەڵات بدرێت بەو خەڵکەی کە هەڵبژێردراون و تەدەخول نەکرێت لە شئونی داخلی و دەسەڵاتی قەزایی و حکومەت لەیەک جیابکرێتەوەو حزبەکان تەدەخول نەکەن لە کاروباری ئیدارەو قەزاو تەعلیم، بگەڕێینەوە

بۆئەوەی لە هەموو مەیدانەکان بنخان دروستبکەینەوەو لە پەروەردەو خوێندنی باڵاوە کارەکان چاک بکەین، ئێستا ئێمە چەند ئەفسەرمان هەیە لە بازگەکان دەبینیت موقەدەمە یان نەقیبە سێی ناوەندی تەواونەکردووە، دەبێت ئێمە سوود لەو ئەزموونە دوورودرێژە وەربگرین کە لە وڵاتەکانی تر هەیە، ئەمڕۆ سەردەمی ئینتەرنێتەو وەک جاران نییە شت بزربێت، خەڵک ئەترسێت لێرە شت بڵێت بەڵام من کەسێکم لەم تەمەنە لەژیانمدا نەترساوم، بەڵام ئێستا خەڵک دەتوانێت لە جەریدەو لە سایتەکان بۆچوونی خۆی بڵاوکاتەوە لەسەریان، دوایی ئەم دزیەی ئێستە دەکرێت بەکەس ناشاردرێتەوە، بۆنموونە هەر لای کەرکوکدا لە چەمچەماڵ هەموو زەوی خەڵکیان تەخت و داگیرکردووە لەوێووە غاز دێنن لە چەمچەماڵەوە ئەیبەن بۆ هەولێر، **یان شەریکاتی نەوت هەیە، بیری ئینتاجی هەیە لەتەقتەق داویانە بە شەریکەیەکی تورکی بە 49% کە ئەمە لەدنیادا قەت ناکرێت لەکاتێکدا ئەو شەریکە تورکیە هی نەوتیش نییە، کێ ئەمەی داوەپێیان؟ ، ئەوان وادەزانن ئێمە نازانین بەڵام هەموو خەڵک ئەمە باش دەزانێت.**